## بنەماکانی فەلسەفەو میدیا

- بنەما فەلسەفیەکان لەسەرەتادا :-لەرێگەی سێ توخمەوە ، سێ بنەمای ڕۆحی ، عەقڵ ، هزر و ئاگایی.
- بنەماکانی فەلســەفە، لەفەلســەفەیەکەوە بۆ جۆرێکی تری فەلســەفە جیاوازی هەیە. لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری فەلسەفە، جیاوازای هەیە. بەڵام لێکچون و خاڵی هاوبەش لەبنەماکانی فەلسەفەدا هەیە.

بۆ مرۆڤ، بۆ تێگەیشــت، بۆ میدیا و هەر بوارێکی تر، جێگای گرنگی و ســودە. بەشــێک یان کۆی ئەو بنەمایانە، پێویستی هەمووانە.

بنەما فەلسەفیەکان چییە؟

-مۆڕاڵ-ئەخلاقmoral- بنچینەکانی ئاکار(لێرەدا مۆڕاڵ بەمانای ئاماژەکردن بە رێســاو پرەنســیپەکانی رێنوێنیە ســەرەکییەکان دێت. هەروەها پەیرەو رەفتارکردنی ئەخلاق، لێرەدا ئایدیایەکیان بیروارایەکە کە لەرێگەی ویســتنێکی باش جێ بەجێکراوە یان بەجێگەیندراوە. ).

ستانداردەکان، (ئایدیەل-نمونەیی یاخود نمونەی بنەچەیی، رەسەنی، یان راستەقینەی شت کە بریتیە لەبیری ئەو شتەو وە مرۆڤ تەنها وێنەی ناتەواو و لاسایی دەبینێ بەچاو..کە زیاتر لەفەلسەفەی ئەفلاتۆنی رەنگی داوەتەوە).

- پاکی و کردەوەی باش، (رەوشــت-ئەخلاق – ethics– رەفتارو کردەوەی بەرەوشــت، لێرەدا رەوشــت بەمانای رۆڵ و رەفتار یان کردارێکی دیاریکراو دێت.

-یاســاو رێســاکانی رەوشــت و پەیڕەوکردنی وا پێناســە دەکرێت کەوا کۆمەلێک رێســای کردارە رێگا پێدراوەکان یان رەفتاری راستە).

- راستگۆیی و بێگەردی.

- بەویژدان.

-باشی و چاکی.

- ووردی لەکارو دوودڵی لەکردن و نەکردنی کارێک بەهۆی ویژدانەوە.

- سەر راستی وبێ پێچ و پەنایی.

-ستانداردە ئەخلاقیەکان ە یاساکانی.

- هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.

-هەستکردن بەناو و ناوبانگی باش و سەربەرزی بوون.

چوار لەو بنەمایانە لە فەلسەفەی( stoicism )[1] سەرچاوەیان گرتووەو هەموومان پێویستمان پێی هەیە:-

یەکەم:- ژیری...ئاقلی..زانین (قســەو کرداری ژیرانە):- تێگەیشــتن لە جیهانی دەوروبەرت و ئەنجامی بدەیت کەوە بەشێک لەپلانی سروشت خۆت.

دووەم:- ناوەندێتی..میانڕەوی (لەرەفتارو ئاسودەیدا)...مام ناوندی بوون.

سێیەم: بوێری : نەهێڵین خۆمان بە خۆشی و چێژەکان یان بە ئازار، کۆنترۆڵ بکەین .

چوارەم:- دادپەروەری : پێکەوە کارکردن و مامەڵەکردنی دادپەروەرانە لەگەڵ کەسانی تردا.


[1] فەلسەفەیەکی یۆنانی کۆنە، بەمانای بەرگەگرتن (ناخۆشی). دەبێ مرۆڤ بەجەرگانە شان بداتەبەر ڕووداوەکانی ژیان و خۆشی و ناخۆشی هیچ کاری تێ نەکات.

**ده لە گەورەترین : بنەما فەلسەفییەکان**

یەکەم-بنەمای ئازاردان و زیان پێگەیاندن، لەلایەن جۆن ستیوارت میل (١٨٠٦-١٨٧٣).

هەر کاتێک یاسادانان و یاساکان، ئازادییەکانیان سنووردار کرد. جۆن ستیوارت میل دەڵێت:-" مەبەستی سەرەکی لەپێناو پاساوەکانی مرۆڤایەتی، ئینجا بەتەنها یان بەکۆمەڵی بێت، تەدەخولکردنی ئازادی کاری هەر تاکێکە، کەئەمە لەپێناو پارێزگاریکردنە لەخود". تاکە مەبەستێک کەدەسەڵات و سیستەمەکانی بەرێوەبردن و حوکومرانی بەسەر کۆمەڵی شارستانیدا هەیانە، رێگرتنە لەزیان گەیاندن بەکەسانی تر، بەڵام ئەمە گرەنتی زیان پێ نەگەیاندن نیە. ئایا تاچەند روونە؟ جگە لەروونی، ئایا مەبەست لەزیان چیە؟ ئایا یاساکان چەند کراوەن؟ چۆن بەرژەوەندییەکان دەپارێزن؟ کەئەمانە لەچاوی کۆمەڵگە باوەڕپوون کەم دەکاتەوە.

جۆن ستیوارت میل:-





جۆن ستیوارت میل ، لەسەدەی نۆزدە، فەیلەسوف و بیرمەندێکی گەورەی بەریتانیا بووە. لەبوارەکانی (ئازادی و ئازدییە سیاسییەکان،مافەکان، ئاکار، لۆژیك، تیۆرناسی،ئابوری) نوسەرێکی بەتوانا بووە. فەیلەسوف و ئابوری ناس و سیاسی و نووسەر بووە. لەساڵی ١٨٦٠ لەپەرلەمانی بەریتانیا ئەندامی ئەنجومەنی پیران بووە. لەپەرلەمانی بەریتانیا و لەنوسینەکانیدا، داکۆکیەکی زۆری لە یاسادانان و بواری پەروەردەیی و ئازادی کردوە. بەتایبەتی لەبابەتی هاتنەپێشەوەو بەشداری ژنان لەکایە سیاسی و ئازادییەکاندا، رۆڵی دیای هەبووەو یەکەمین کەسە کەوا بابەتی ئافرەتانی هێنابێتە نێو پەرلەمان، لەپێگەو مافی دەنگدان و مافەکانی تری ژناندا، هەوڵ و بەرهەمی زۆری هەبوونە. لە فەلسەفەکانی فۆکەسی لەسەر ئەزموون و سودگەرایی دەکردەوە. جۆن ستیوارت میل هاوشێوەی باوکی خەریکی بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی بێنتام فەیلەسوفی گەورەی سکۆتلەندی بوو. مرۆڤ دۆست و لایەنگیری تاکگەرایی بووەو پاڵپشتی رەوتی تاکگەرایی کردوە. باوەڕی بە ئازادی بیرو دەربرینی بیرورا هەبووە، کە بەدوا بەهای کۆمەڵایەتی دەزانی.

داکۆکیکاری بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵایەتی بووە و پاڵپشتی لە کۆمەڵگە کردوە. جۆن ستیوارت میل، لە ساڵی ١٨٠٦ لە لەندەن لەدایک بووە. باوکی سکۆتی بووەو لەخێزانێکی مامناوەندو زیاتر هەژار ژیاوە. باوکی لەدێیەکی سکۆتلەندا، پینەچی پێڵا بوو. باوکی نەیدەنارده قوتابخانە و دەیوست بەوشێوازەی خۆی دەیەوێت فێری بکات، بۆیە لەتەمەنی سێ ساڵیدا دەست بەفێربوونی زمانی لاتینی دەکات. یەکەم کتێبی بەزمانی یۆنانی بەناوی (ئەفسانەکانی) خوێندەوە. بەرلەوەی تەمەنی ببێتە دە ساڵان، لەتەوەرەکانی ئەفلاتۆن، شەش تەوەری خوێندبۆوە، کەخۆی بۆ فێربوونی (لۆژیک) ئامادە دەکرد. بۆیە لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا دەستی بەفێربوونی زانستی لۆژیک کرد. دواتر دەستی بەخوێندنی ئابووری کرد. بەرهەمەکانی یۆنان و ئەرستۆی دەخویندەوە. کتێبەکانی (ئادەم سمیس) و زۆری تر، لەرێگەی هاندانی باوکی دەیخویندەوە. دواتر چوو بۆ فەرەنساو لەوی فێری زمانی فەرەنسی بوو.لەبواری بیرکاری و کیمیا، زانیاری فێردەبوو. لەتەمەنی پانزە ساڵیدا (یاسای رۆمی) خوێندەوە. لەتەمەنی شانزە ساڵیدا جۆن و هاورێکانی ئەنجومەنێکیان پێکهێنا، دوو هەفتە جارێك کۆبوونەوەیان دەکردو هەموو توانای خۆیان لە لێکۆڵینەوەکانیان لەبارەی ئاکارو سیاسەت لەسەر بنەمای سودگەرایی کۆدەکردەوە. لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا باوکی کارێکی لە کۆمپانیای هندی- بەریتانی بۆ دۆزییەوەو ماوەیەکی زۆر لەو کۆمپانیایە کارمەند بووە تا بوو بەسەرۆکی ئەو کۆمپانیایە. هەر لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا کاری رۆژنامەوانی دەستپێکردوەو وتاری لەرۆژنامەی ( Westminster Review) بڵاوکردەوە.

دووبارە گەڕایەوە بۆ فەرەنساو لەوێدا شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فەرەنسای بینی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن. هەروەها هەر لەفەرەنسا ئاشنای نوسینەکانی (ئۆگۆست کۆنت و سان سیمۆن)ی کۆمەڵناسی فەرەنسا بووە.





لەماوەی کاری فەلسەفیدا، پرۆژەیەکی زۆری چاکسازی لەرووی ریفۆرمی کۆمەڵگەوە خستبووە روو، خوازیاربوو، پێشنیارەکانی لە چاکسازی دۆخ و وەرچەرخانی کۆمەڵدا، ببێتە فاکتەرێکی بنچینەیی و کاریگەر. هەروەها پرسی ئافرەت، رووبەرێکی باشی گرنگیەکانی جۆن بوو. یەکێک لەوانە پرسی (ئازادی ژنانە) کە لە شوێنی خۆی بێ.

لەساڵی ١٨٣٠ (هاریت تایلۆر) کاریگەری لەسەر تێڕوانینە سیاسییەکانی جۆن هەبوو، ئەو ژنە دوای ئەوەی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، لەساڵی ١٨٥١لەگەڵ جۆن هاوسەرگیری کرد. لەساڵی ١٨٣٦ باوکی کە گەورەترین و سەرەکیترین مامۆستای بووە، بۆدواجار ماڵئاوایی دەکات. لەساڵی ١٨٤٠ کتێبی (لۆژیک) تەواو دەکات و بڵاودەکاتەوە. لە پەرلەمانی بەریتانیا، بەنەیارو یارەوە، بەدیقەتەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت. لەساڵی ١٨٤٧ ئارەزووی لە دارشتنی تیۆری سیاسیدا زۆر زیادی کرد. لەساڵی ١٨٤٨، کتێبی (بنەماکانی ئابوری سیاسی) بڵاوکردەوە. لەساڵی ١٨٥٤ نامەیەک لەبارەی ئازادییەوە دەنوسێت و دواتر لەساڵی ١٩٥٩ وەک کتێبێک بڵاوکرایەوە. لەساڵی ١٨٦١ کتێبی (سودخوازی) بڵاوکردەوە. دواتر کاری لەبارەی ( تێڕوانینەکان لەبارەی چاکسازی پەرلەمانی) دەست پێکرد. لەساڵی ١٨٦٨ پەرلەمان هەڵوەشێندرایەوە و جۆن بۆسەر ژیانی ئاسایی گەڕایەوەو کاتەکانی لە فەرەنسا و لەسەر گۆڕی هاوسەرەکەی دەبردە سەر. لەریکەوتی ١٨٧٣/٥/٨، بەهۆی جەڵتەی لەناکاوی دڵەوە لە فەرەنسا کۆچی دوایی کرد . تەرمەکەیان لە گۆڕستانی (سان خوان ماریا دی سانتا) لە تەنیشت گۆڕی هاوسەرەکەی (هارییت)ەوە ناشت. لەدوا دوایی تەمەنیدا خەریکی کاری نوسینی کتێبی (یوتۆبیۆگرافیا) کەی بوو، کە بە وتەی زۆر لە نوسەران لە گرنگترین بەرهەمەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا بوو. ئەم کتێبە چەند مانگێك لەپاش مردنی بڵاوکرایەوە .لە دوایین ساتەکانی تەمەنی و پێش ئەوەی پێڵوی چاوەکانی بۆ هەتاهەتایە دابخات، دواهەمین رستەی:-"دەزانیت کە من کاری خۆم تەواو کردوە"



Figure 1Statue of Mill by Thomas Woolner in Victoria Embankment Gardens, London



Figure 2Cimetière Saint-Véran Avignon, Departement du Vaucluse, Provence-Alpes-Côte d'Azur, France

دووەم-بنەمای <u>هۆکاری پێویست</u>. بنەمای هۆکارو مەبەستی بەش بوون و تەواو بوون یان هۆکاری لێهاتوویی بەتوانایی لەلایەن گۆتفرید لایبنیز (١٦٤٦-١٧١٦).

ئەو بیرۆکەیە، ئەوەیە کە هەمووشتیک لەبەر هۆکارێکە، ئەو گریمانەو وادانانە لەپشت زۆربەی فەلسەفەکانە.ئەگەر وابیرمان کردوە، کەشتەکان تازە روویانداوە، ئەوا خۆمان بێزارو پەست ناکەین بەوەی هەوڵدەین بۆکارکردن لەسەر هۆکارەکانی، بەڵام ئەوکاتە وایدانانێین، رۆژگارە درێژەکان، زیاتر تیشکیان هەیەو ئاوهەوا تیایاندا گەرمە. ئەو بنەمایە لەگەوهەردا زۆر جیاوازە لەوەی کەسێک بلێت هەموو شتێک پێویستە بۆ مەبەستێک بێت. لەوێدا پێویستە هۆکارێک هەبێت، کە بۆچی ئەو رووداوە گەورەیە روویداوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە ئەو روودانە بۆ کۆتایی یان ئامانجێک یان بە مەبەستێک روویدابێت.

گۆتفرید لایبنز:-




فەیلەسوفێکی ئەلمانی بووە. لەساڵی ١٦٤٦ لەدایک بووە. لەتەمەنی شەش ساڵی باوکی دەمرێت. باوکی پرۆفیسۆری فەلسەفەی ئاکار بوو لەزانکۆی (لیبزیگ)ی ئەلمانیا. لەساڵی ١٦٦٢ بەکالۆریۆس لەفەلسەفە تەواو دەکات. پاشان ماستەر لەفەلسەفە تەواو دەکات. دواتر خوێندنی دکتۆرا لەیاسا دەخوێنیت.لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا، لەساڵی ١٦٦٦ یەکەمین کتێبی چاپ و بڵاودەکاتەوە. لەساڵی ١٦٧٢ حکومەتی فەرەنسا بۆ سود وەرگرتن لەتواناکانی دەعوتی دەکەن. لایبنز پێگەیەکی دیاری لەبواری بیرکاری و مێژووی فەلسەفەدا هەیە. یەکێک لەفەیلەسوفە عەقلانییە بەناوبانگەکانی سەدەی حەڤدەهەمە. رووبەرێکی فراوانی کارە فەلسەفەییەکانی لەبارەی ژمارەو بیرکاری بووە. نووسینەکانی بە زمانەکانی (لاتینی و فەرەنسی و ئەلمانی و ئینگلیزی و ئیتالی و هۆڵەندی) دەنووسی و بڵاودەکردەوە. ژمارەیەک بنەمای فەلسەفەی لەکارە فەلسەفیەکانیدا وەک ناسنامەو گەشبینی..هتد رەنگی دابۆوە، یەکێک لەبنەما بەناوبانگەکانی (هۆکاری پێویست یان بوونی هۆکار بۆ رووداوەکان بووە). لەساڵی ١٧١٦ کۆچی دوایی کردووەو بەدرێژایی تەمەنی هاوسەرگیری نەکردوە.

سێیەم-بنەمای مەبەست-مانابوون و وا گەیاندن لەلایەن ئەریستۆتالیس (٣٨٢-٣٢٢پ.ز).

بیرکردنەوەی لەئاکار لەنێو دوانەیەکی تێژدایە: چاکە و خراپە. راســـت و هەڵە. بەهەشـــت و جەهەنەم. ئەفســـانە میللیەکان، لە کەوتنی مرۆڤایەتی لە خۆشی بەهەشت بۆ جەنگی ئەستێرەکان، پڕە لەچیرۆکی خەلک کەبەرەو سایدێکی تاریکی دەڕۆن. بەڵام زۆر پێش ســـایکۆلۆژیای مۆدێرن، بەئێمە وتراوە، ئێمە هەموومان ســـایدی ســـێبەرمان هەیە. فەیلەسـوفێکی یۆنانی کۆن بەو بیرۆکەیە گەیشت، کەوا زۆر ووردەو بەئاسـتەم هەسـتی پێ دەکرێت، شـاراوەو نادیارە: ئەوە بەو مانایە نیە، رەنگی خۆلەمێشی لەنێوان ئاکاری رەش و سپیدایە یاخود باش و خراپە هەرگیز پێچەوانەی یەکتر نین. واباشـترە یاخود (چاکە) لەنێوان دوو خراپەدا وەسـتاوە: ئینجا خراپەیەکیان لەئەندازە بەدەرە یان خراپەکەی تر کەمە. بۆ نمونە ئازایەتی، لەنێوان لەئەندازە بەدەر ســەرکێش و جەربەزە لەگەڵ کەمتر ترســنۆکە یان ترســنۆک نیە. لێبووردەیی لەنێوان زۆر قین لەدڵ نیە...زۆر بەرق و کینە نیە لەگەڵ وازالێهێنان و خۆبەدەستەوەدانێکی کەم.

ئەمە بیرۆکەیەکی بلیمەتانەیە، کەبەتەواوی سەیرکردنت بۆ راست و هەڵە چۆن دەگۆڕێت.

ئەرستۆ:-



ئەرستۆ ٣٨٤ ساڵ پێش زایین لە ئەستاگیرا، کەدەکەویتە باکوری یۆنان لە دایکبووە. یۆنانییەکان. باوکی ئەرستۆ ناوی (نیکوماخوس)بوو، پزیشـــکی تایبەتی (ئامنتاس)ی پاشـــای مەکدۆنی و باپیری ئەســـکەندەری گەورە بوو. بەهۆی ئەو پێوەندییەوە، پاشان دۆستایەتی ئەو دووانەی بەدواداهات.


ئەرەسـتوو تەمەنی منداڵبوو کە باوکی لە دەسـتدا، دوا بەدوای مردنی باوکی یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆمەڵەی ئەسکیبیادسی پزیشکی، لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا پەیوەندی بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوون دەکات. زیاتر لەبیست ساڵ قوتابی ئەفلاتوون بووە. ئەرەسـتوو دووجار هاوسـەرگیری کردووە, کە لە یەکەمیان کچێکی دەبێت و لە دووەمیان کوڕێکی دەبێت. ئەرەستۆ ژنی یەکەمی بە سک پڕیەوە مرد، بەڵام هەرگیز ژنی یەکەمی لە بیر نەدەکرد، بۆیە وەسیەتی کرد لە دوایی مردنی لە تەنیشت ژنی یەکەمی بنێژرێت. تێڕوانینی ئەرەستۆ بەرانبەر بە ئەدەب جیاوازییەکی زۆری هەیە و ئەرەستۆ بەیەکەم رەخنەگر دادەندرێت و یەکەم کەس بووە, کە کتێبێکی ڕەخنەیی نووسیووە.

لە ئەسـینا قوتابخانەیەک لە یاریگایەکی وەرزشـی دادەمەزرێنێت و لەتەنیشـت دیوارەکانی یاریگاکە،قوتابیەکانی بەوەسـتانەوە وانەکان دەخوینن، بۆیە قوتابخانەکەی ئەرەسـتۆ بە فەلسـەفەی خوێندن بەپێوە ناودەبرا. لە سـاڵی (٣٢٢ پ.ز)، بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

چوارەم-.بنەمای ساختەکردن و سەڵماندن لە لایەن کارل پۆپەر (١٩٠٢-١٩٩٤).

بەرای کارل پۆپەر:- هەسـتی باو، ئەوەیە کە تیۆر زانسـتە، ئەگەر تۆ زانیبت چۆن دەیسـەلمێنی. بەڵام کارڵ پۆپەر پێشـنیاری کرد، کە تیۆر تەنها زانسـتە ئەگەر تۆ بزانیت چ ناسـەلمێنێ. لەبەرئەوەیە تیۆرەکانی پیلان و پیلانگێری یان پیلانگێڕان، بێ مانایە :گرنگ نیە بەڵگەو باوەرداران، سوربن لەسەر سەڵماندنەکان، ئەمە چۆن بەتوندی و بەتەواوی دەیشـارنەوەو دایدەپۆشـن. وەکو تۆ دەتوانی موناقەشـە بکەیت کە تیۆر ئەوەیە خودا چ باشـترینێکە بۆ ئێمە، کە زانسـت نیە، چونکە هەرشـتێک بێت رووداوەکان، باوەڕییەکان سـۆڕن لەسـەری کە پێویسـتە بۆ باشـیەیەکی گەورە. خودا بەبەزەییە لەوانەیە داواو ووتنی ئاین زانی و زانستی ئاین بێت، بەڵام بەڵگەیەک نیە.

کارڵ پۆپەر:-




کارڵ پۆپەر، یەکێکە لەفەیلەسوفە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم. لەساڵی ١٩٠٢ لەنەمسا لەدایک بووە. لەساڵی ١٩٣٠ هاوسەرگیری کردوە. باوکی پۆپەر، ئەگەرچی پارێزەر بووە، بەڵام گرنگی زۆری بە فەلسەفەی کلاسیک داوە. پۆپەر، فەیلەسوفێکی بواری زانست بووە. بەیەکێک لەبەناوبانگترین زاناکانی سەدەی بیستەم دادەندرێت. ماوەیەک هاوکاری حزبی کۆمۆنیستی نەمسای کردووەو بەڵام ساڵی ١٩٢٠ لە مارکسیزم هەڵدەگەڕێتەوە. لەساڵی ١٩١٨ هاتۆتە زانکۆی ڤیەننا، وەک گوێگر لە گەلێک وانەدا ئامادە بووەو دواتر بەفەرمی وەردەگیرێت، لە بەشەکانی:- بیرکاری و دەروونناسی و فیزیا خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٢٨ لە فەلسەفەی گشتیدا بوو بە پرۆفیسۆر. ساڵی ١٩٣٤ کتێبێکی بەناوی (لۆجیکی لێکۆڵینەوەی زانستی) دەرکرد، کەبەمە ناوبانگی پەیداکرد، بۆیە لەساڵی (١٩٣٥) بۆ ووتنەوەی وانەیەک لەزانکۆی (لەندەن) لەبەریتانیا بانگکرا. دوای ماوەیەک دەچێتە نیوزلەندا و ساڵی ١٩٣٧ وانەی فەلسەفە لە زانکۆی (کانتربری)ی نیوزلەندا دەڵێتەوە. ساڵی ١٩٤٦ لەزانکۆی لەندەن لە بواری ئابووریدا دەست بەوانە ووتنەوە دەکات و دواتر هەر لەو زانکۆیە دەبێتە مامۆستای فەلسەفەی زانست و لۆجیکی، تا ساڵی ١٩٦٩ تا خانەنشین دەبێت لەو زانکۆیە دەمێنێتەوە. لەساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی دەکات.


پێنجەم-بنەمای گرەنتیە رۆشنەکان، لەلایەن ئیمانوئێل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤)

ئەنجامدانی کارێک گونجاو بێت....

زۆرجار خەڵک پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن "هەندێک شت بکەن" هەتا ئەگەر هیچ بیرۆکەیەکیان لەسەری هەبێت و نەزانن چیە، یان ئەو شتانە چین؟ بەڵام مەگەر تۆ بیرۆکەیەکت هەبێ کە چ پێویستە ئەنجامی بدەیت و بیکەیت، چۆن بیکەیت هەتا بزانی ئەوە گونجاوە بۆ کردنی هەر شتێک؟ (ئەمە هیچ مانایەکی نیە شتێک بلێیت لەراستیدا نەبێت) لۆژیکی تێدانیە و گونجاو نیە کەبلێین هەندێک شت پێویستە لەراستیدا دەتواندرێ بکرێت. لای کانت، بەشێوەیەکی ئاسایی و بەزۆری متمانە بەو بنەمایە دەکرێت: "هۆکاری فەرماندان، کە چالاکی و کردارێک پێویستە بکرێت و رووبدات، پێویستە گونجاو بێت بۆیان کە رووبدات و بیکەن". بەشێوەیەکی تر یاخود روونتر، ئەگەر رەچەتەیەک راستی عەقلانی بێت، ئەو کاتە گونجاوە. ئەمە بەمانای ئەگەر بینینەکە عەقلانی بوو بەڵام گونجاو نەبوو، ئەوا عەقلانی نیە، وەک پێشبینی کاری سیستەمێک یان کەسێک قەرز بۆ کاتێکی نادیار بدات.

ئیمانوئێل كانت:-





ئیمانوئێل كانت، فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە و لەساڵی ١٧٢٤ لەدایک بووە. نووسینی بەرهەمەکانی لەبیست و پێنچ ساڵی کۆتایی نووسی. کتێبەکانی سەرنجی هەموو ئەوروپایان رادەکێشا. لەتەمەنی ٦٤ ساڵیدا کتێبی (رەخنەی ئەقلی پراکتیک دەنووسێ). لەتەمەنی ٦٦ ساڵیدا کتێبی (رەخنەی هێزی دادوەری) دەنوسێ. خاوەنی چەندین کتێبە لەبواری جیهانناسی و بیرکاری و فەلسەفە. هەروەها کتێبی میتافیزیکی ئاکاری، کە کتێبێکی بەناوبانگ بووە، بڵاوکردۆتەوە.

کانت یەکێکە لەگرنگترین بیرمەندانی ئەوروپی و پێگەیەکی بەهێزی لەسەر ئاراستەی بیردا داناوە. قۆناغەکانی فەلسەفەی سیاسی و زانستی ئاکارو جوانی ناسی و تیۆری زانستی بردە ئاستی و قۆناغێکی بەرزترەوە.

کانت چوار پرسیاری سەرەکی دێنێتە گۆڕێ و لە ڕوانگەی خۆیەوە وەڵامیان دەداتەوە:- (مرۆڤ چی دەتوانێ بزانێ؟،چۆن دەبێ بژین؟، چ هیوایەکمان دەکرێ بێ؟،مرۆڤ چیەو چۆن دەبێ بۆ جیهانی"بوون"بڕوانێ؟)

کانت هەموو تەمەنی بەدواداگەڕانی حەقیقەت و ناسینی مرۆڤ و ڕێپیشاندەری بووە. لەساڵی ١٨٠٤ کۆچی دوایی دەکات

شەشەم-بنەمای بەڵگەیی و دیکۆمێنت، لەلایەن دەیڤید هیوم (١٧١١-١٧٧٦)

"مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کەوا باوەڕی بەبەڵگە بێت" کە وەک ئامۆژگاریەکە کەلەپێشتردا بیزانیت. بەڵام ئەمە رازیبوونی زۆر ئاسانترە لەبەدواکەوتنی و هەروەها ئەنجامەکانی نائاسودەبن. جێگای سەرسورمان نیە. دەیڤید هیوم، لەوتارێکدا لەبارەی موعجیزەکان دەلێت؛-"بەڵگەی لاواز، هەرگیز ناتوانێ بەهێز تێکبشکێنی" ئەمە رۆشنە. دەیڤید هیوم دەڵێ:- "ئەوکاتە هەرکەسێک بنەمای باوەڕییەکانی لەسەر دیکۆمێنت و بەڵگەیی بێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت باوەر بە موعجیزە بکات".

دەیڤید هیوم-






Statue of Hume by Alexander Stoddart on the Royal Mile in Edinburgh

دەیڤید هیوم:- لەساڵی ١٧١١ لەدایک بووە. فەیلەسوفێکی بەناوبانگی سەدەی هەژدەهەم و فەیلەسوفێکی رۆژئاوایی بووە. زانکۆی ئیدنبۆرگی تەواو کردوە. بەرەگەز سکۆتیە. کارە فەلسەفییەکانی لەبواری مێژوو، ئابوری، ئازادی، هەروەها کاری لەسەر فەلسەفەی عەقلانی کردوە. لەبنەما فەلسەفییەکانی ، لێکچوون، بەرکەوتن و نزیکی، هۆو و ئەنجام. دەیڤید هیوم لەساڵی ١٧٧٦ کۆچی دوایی کردوە.

حەوتەم-بنەمای خێرخوازی، لەلایەن دۆناڵد دەیڤیدسۆن (۱۹۱۷-۲۰۰۳)

هەندێک لەبنەماکان، تەنها ووتنی یەک نووسەر نەبووە. بنەمای فەلسەفی خێرخوازی، یەکێکە لەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەدەی بیستەم. فەیلەسوفی ئەمەریکی دۆناڵد دایڤیدسۆن، زۆر قسەو ووتنی لەوبارەیەوە بەروونی و بەسیستەماتیکی هەیە. لەفراوانترین مانادا، ئەمە هانمان دەدات، بۆ روونکردنەوەو مانا لێکدانەوەیەک، کەوا مانای ووتن و پێویستی کەسانێک لەورێگەوە، بەگوێرەی توانا (گونجاوترە) ئەوانە بەعەقلانی بکرێن. ئەگەر حەز بکەیت و بەڵێنی سود لەرێگەی قەرز بەکەسانێک بگەینیت. کەئەمە لەو بنەمایە دووردەکەوێتەوە. لێرەدا بنەمای پێچەوانە، زۆرجار لەلایەن سیاسیەکان پەنای بۆ دەبردرێت، هەروەها چەکدارە بێ باوەڕەکان. ئەوە بنەمایەکە لەهەموو کاتێک زیاتر پێویسترە (لەهەر کاتێکی تر).

دۆناڵد دەیڤیدسۆن





دۆناڵد هێربێرت دەیڤیدسۆن، فەیلەسوفیکی ئەمەریکیە و لەساڵی ۱۹۱۷ لەویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا لەدایک بووە.زانکۆی هارڤارد تەواو دەکات و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە. لەزانکۆی کالیفۆرنیا پرۆفیسۆری فەلسەفە بووە (۱۹۸۱-۲۰۰۳)، هەروەها لەزانکۆکانی ستانفۆردو رۆکفیلەرو پرینستۆن و شیکاگۆ، وانەی وتۆتەوە. دەیڤیدسۆن، کەسێتیەکی کاریزمایی هەبووەو خاوەن بیرکردنەوەی قورس و قوول بووە. کارە فەلسەفیەکانی فۆکەسی لەسەر ژمارەیەک رووبەر بووە، بەتایبەتی لەسالانی شەستەکان، بەدیاریکراوی فەلسەفەی عەقل، فەلسەفەی زمان. لەبلاوکراوەکانی بەگشتی کورت و زۆربوون. لەساڵی ۲۰۰۳ هەر لەویلایەتی کالیفۆرنیا لەئەمریکا کۆچی دوایی دەکات.


هەشتەم-بنەمای جیاوازی، لەلایەن جۆن راولس (١٩٢١-٢٠٠٢)

ئەگەر هەندێک بنەمای فەلسەفی وادەردەکەون زۆر روون و رۆشنن، بەڵام نرخ و بەهایان ئەوەندە نیە یاخود شایەنی باسکردن نەبن، ئەوا ئەوانی تر ئەو رێکەوتنە تێک دەدەن. وەک کەیسی بنەمای جیاوازی لای راولس، لیبرال و دیموکراتەکان فۆکەس دەخەنە سەر گرتنەخۆیی و پەسەندکردنی پۆلیسی. واتا بیروڕای پۆلیسی دەکەنە هی خۆیان و دەگرنەخۆ. ئەو دەقە، نایەکسانی زیاد دەکات و رادیکالانە (متطرفًا) دەردەکەوێت. بەڵام دوای رووداوەکانی پێشوو، بە پێدانی دەستکەوت و پارەی بانکەکان بۆ خەڵک، ئێستا خەڵکێکی کەم لەو باوەڕەدان، فۆکەس لەبارەی گەشەی پارە لەسەروی پێوەری ئابووری بێت. <u>بنەمای جیاوازی ئەوەیە، ئاساییە بۆ دەوڵەمەند بگات بەدەوڵەمەند تر، ئەگەر هەژار هەمیشە دەوڵەمەنتر بێت لەوانەی کەوا لەپێشتردا دەوڵەمەندبوونەو سەروەت و سامانیا هەیە، ئەوا دەوڵەمەندەکان سەرمایەکانیان دەگەڕێتەوە دواوە.</u>

هەروەها سازشکردنی لیبرالەکان (وازهێنان لەبیروباوەرو هەڵوێستی جارانیان لەبارەی دیموکراسی):- لەنێوان (داوای سۆسیالیستی بۆ یەکسانی) و (<u>بێ بەهاکردن و فەرامۆشکردن و بایەخ پێنەدانی دیموکراسی نوێ بۆ یەکسانی</u>).

<u>**ئەوەیە جیاوازی و اتا جاران دیموکراسی بۆ یەکسانی بەشێوەیەک سەیر دەکرو، دیموکراسی نوێ، ئێستا بەشێوەیەکی تر سەیری یەکسانی دەکات. وەک تەسەروفی رادیکالانەی لیبرالەکان.**</u>

جۆن راولس:-





جۆن بۆردلی راولس، لەســاڵی ١٩٢١ لەئەمریکا لەدایک بووە. فەیلەســوفێکی ئەمەریکی بووە. لەفەلســەفەی ئاکار، لەفەلســەفەی ســیاســەت، لەفەلســەفەی لیبرالی تەقلیدی، رۆڵێکی دیاری هەبووە. لەســالی ١٩٤٣-١٩٤٦ لەریزەکانی ســوپای ئەمریکادا بووە. لەســالی ١٩٥٠ بڕوانامەی دکتۆرا بەدەســت دەهێنێت. لەلایەن بیل کلینتۆن (١٩٩٣-٢٠٠١ ســەرۆکی پێشــووی ئەمەریکا) خەڵات کراوە. رۆڵی دیاری لەتێگەیشــتنی زیاتر بۆ دیموکراســی بۆ نەوەی نویّ لەئەمەریکا هەبووە. تیۆری راولس "یەکسانی بەوێژدان"، کەوا پێشنیار دەکات، مافەکان بنچینەی یەکسانین. یەکسانی، دەرفەت و پێشکەوتن، ئارەزووی پێشکەوتنی ئەندامانی کۆمەڵگەن. دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەکاردێت بۆ ئەزموونی هەست و بیرکردنەوە کە ناودەبرێت بە (هەڵویســتی ســەرەکی و رەســەن)، کەوا کام جۆری خەڵک چ هەڵوێســتێکی کۆمەڵایەتی داگیریان دەکات. لێرەوە راولس، گەڕایەوە بۆ پرســیاری (چۆن دەســەڵاتی ســیاســی دەتوانێت، شــەرعیەتێکی مەعقول دەربارەی سروشتی ژیانێکی باش بدەن. لەساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی دەکات.

نۆیەم-بنەمای تەنها جەنگ لەلایەن ثۆماس ئەکویناس (١٢٢٥-١٢٧٤)

بیرکەرەوان ماوەیەکی زۆر باش لێ ووردبوونەتەوە، کاتێک پاساوی ئەخلاقی بۆ جەنگ دەهێندرێتەوە، بەڵام تیۆرە نوێکانی جەنگ، تۆزیک هاتوونەتە خوارەوە کە لەسەدەی سیانزەهەمەدا تۆماس ئەکویناس دایناوە. ئەخلاقیاتی جەنگ دیاریکراوە بە دوو رێگا:- بە هۆکارەکان بۆ دەستپێکردنی جەنگ و هەروەها ئەوەی دەست بەجەنگ دەکات. بەرپاکردن و هەڵگیرسانی جەنگ، هۆکاری پێویستە بۆئەوەی بکرێت. ئەگەر بۆ مەرامە راستەکان جەنگ بکرێت، لەوێدا ئەگەری باش دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن. هەروەها ثۆماس ئەکویناس رای وایە، سوپاکان پێویستە هێزی گونجاو بەکاربهێنن و جیاکاری بکەن لەنێوان جەنگاوەران و هاوڵاتیانی مەدەنی و بێ گوناە.

ثۆماس ئەکویناس:-





ثۆماس ئەکویناس، لەساڵی ١٢٢٥ لە رۆکاسکای ئیتالیا لەدایک بووە. لەناو ئیتالیا لەخێزانێکدا بووە کە جێگورکێی زۆریان لەژیانید کردوە. چۆتە فەرەنسا و ماوەیەک لەوێدا ژیاوە. فەیلەسوفە سەردەمییەکان، سودی زۆریان لە تێڕوانینەکانی ثۆماس ئەکویناس بینیوە. لەساڵی ١٢٧٤ کۆچی دوایی کردوە.

دەیەم-بنەمای گوێزانەکەی ئۆکام، کەلەلایەن ولیام ئۆکام (١٢٨٧-١٣٤٨)

لەسەردەمی مەکینەی سەرتاشخانەی پێنچ دەم و پێنج گوێزان، ئەوەی ولیام ئۆکام بەکارامەیی بەکاریهێناوەو بەتەوەس و پێکەنینەوە ناوی بردوە، بۆ داواکردن و پێویستیە نەوەک بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی ئەوانەی لەدەرەوەی پێویستین. هەندیک بابەت پێویستی بەروونکردنەوە نیە، تاوەکو ئاڵۆز نەبێت. تۆ پێویست ناکات روونکردنەوە بەپەسەند بزانیت، کاتێک بابەتەکە خۆی روون بێت، دواتر رووبەرووی ئالۆزی دەبێتەوە.

ئەو بنەمایە، هەروەها ناسراوە بەوەی ئابووری روون دەکاتەوە: ئەگەر هەمووو شتەکانی تر یەکسان بن، ئەوا روونکردنەوەیەکی ئاسان و سادەتر راسترە وەک لەوەی روونکردنەوەیەکی ئاڵۆزی بۆ بکرێت. ئەو بنەمایە، هەتا دۆزیویەتەوە، نێوان دوو رەگەزی جیاواز:- ئەگەر پیاوێک نامەی تێکەل بۆ ژنێک بنێرێت، وەڵامی سادە ئەوەیە کە ئەو تەنها ئەوە نیە بۆ ئەو.

ولیام ئۆکام:-



ولیام ئۆکام، لەساڵی ١٢٨٧ لەبەریتانیا لە دایک بووە. فەیلەسوفێلی ئینگلیزە. بەناوبانگترین بنەمای فەلسەفی، بنەمای گوێزانە. بنەمای رەزیلی و بەخیلی یان یاسای بەخیلی، کە ئەو بنەمایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکە:-پێویست ناکات پەرە بەشتێک بدرێت کە بەبێ ئەوەی پێویست بێت یان بەسادەیی روونکردنەوە زۆر راسترە وەک لەوەی بەئاڵۆزی بێت. لەساڵی ١٣٤٧ کۆچی دوایی کردوە.